ئەی خەڵکینە، (هەندێک) لە ئێوە خەڵکی دەڕەتێنن، ئەوەی پێشنوێژی بۆ خەڵکی کرد؛ با نوێژەکە پوخت بکاتەوە، چونکە نەخۆش ولاواز وخاوەن پێویستیان تێدایە

لە ئەبی مەسعودی ئەنساریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، خەریکە بکەوم (بەسەر زەویدا) بەهۆی ئەوەی فلّان (نوێژەکە) درێژ دەکاتەوە، پێغەمبەرم نەبینی -صلى الله عليه وسلم- لە هیچ ئامۆژگاریەکدا هێندە توڕە بێت وەکو ئەو ڕۆژە، فەرمووی: «ئەی خەڵکینە، (هەندێک) لە ئێوە خەڵکی دەڕەتێنن، ئەوەی پێشنوێژی بۆ خەڵکی کرد؛ با نوێژەکە پوخت بکاتەوە، چونکە نەخۆش ولاواز وخاوەن پێویستیان تێدایە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پیاوێک سکاڵای هێنا بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بەوەی هەندێکجار دوا دەکەوێت لە نوێژی جەماعەت یان زۆر لاواز وبێ توانا دەبێت لە کاتی نوێژدا وخەریکە بکەوێتە سەر زەوی؛ ئەمیش بەهۆی ئەوەی ئیمامەکە -پێشنوێژەکە- زۆر نوێژەکە درێژ دەکاتەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زۆر توڕە بوو، وئامۆژگاری خەڵکی کرد وپێیانی فەرموو کە کەسی وا هەیە خەڵکی دەڕەتێنێت ودووری دەکاتەوە لە نوێژکردن، وفەرمانیکرد بەوەی نوێژەکان درێژ نەکەنەوە وبا نوێژەکان پوخت ومامناوەند بێت، ئەمیش بۆ ئاسانکاری لەسەر نوێژخوێنەکان، بۆئەوەی کاتێک نوێژەکە تەواو دەبێت جارێکی تر دڵیان لە لای نوێژکردن بێت وحەز بکەن جارێکی تر بێنەوە نوێژی جەماعەت ئەنجامبدەن، وپێویستە ئیمام -پێشنوێژ- ڕەچاوی حاڵی نوێژخوێنەکان بکات، چونکە کەسی وا هەیە ناتوانێت ئامادەی نوێژی درێژ بێت ئینجا بەهۆی لاوازی یان نەخۆشی یان پێویستی بێت. ئەگەر نوێژخوێن بە تەنها نوێژی ئەنجامدا؛ دەتوانێت بە پێی ویستی خۆی نوێژەکە درێژ بکاتەوە؛ چونکە بەهۆی ئەمەوە زیان لە هیچ کەسێک نادات وحاڵی خۆی دەزانێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11295